# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێران؛ باڵانسی نێوان دیبلۆماسییەت و ڕووبەڕووبوونەوە



نادر ئۆسکای

(ئەندامی میوان لە پەیمانگای واشنتۆن و ڕاوێژکاری دێرین لە بواری سیاسەتی سەرکردایەتی ناوەندیی ئەمریکادا).

ئێران لەناو شەڕێکدایە لە دەرەوەی خاکی خۆی، لە وڵاتانی عێراق و سوریا و یەمەن. بەڵام بە ئەستەم کە کاندیدەکان بە درێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردن باسیان لە سیاسەتی هەرێمیی و سەربازیی خۆیان کردبێت. ئەم بێدەنگییەش باشترین بەڵگەیە لەسەر نیەتی ڕاستەقینەی سیستەمی سیاسیی ئێران. سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو، دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نابێت بەسەر سوپا و چالاکیی میلیشیا ئێرانییەکاندا. ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە گرنگی بەم هەڵبژاردنە و لێکەوتەکانی بکات؟ ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرۆکی تازەی ئێراندا بکات؟

## سەرۆکایەتی و سیستەمی سیاسی لە ئێران

لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامییەوە پێش نزیکەی 40 ساڵ، سیستەمێکی سیاسیی ئاڵۆز لە ئێراندا گەشەیکردووە. حکومەتی هەڵبژێردراو، بە سەرۆک کۆمار و پەرلەمانیشەوە، تەنها ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی وڵات دەگرێتە ئەستۆ. لەو دەمەی ڕابەری باڵا و دامەزراوەکانی نزیک لە ڕابـەرەوە (بەتایبەت سوپای پاسداران)، کە ڕۆڵی میراتگری شۆڕش دەبینن، هەر ئەمان سیاسەتی دەرەکیی ئێران و زۆرینەی کاروبارەکانی دیکە دادەڕێژن.

سەرۆک کۆماری ئێران هیچ دەسەڵاتێکی نییە بەسەر دوو کۆڵەکەی بنەڕەتیی ستراتیژی هەرێمیی ئێرانەوە، ئەوانیش بریتین لە: پرۆگرامی موشەکە بالیستییەکانی سوپای پاسداران، لەگەڵ کەتیبە چەکدارییەکانی لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو چالاکییانەی لەلایەن سوپای پاسداران و دەستوپێوەندەکانیانەوە ئەنجامدەدرێن و دەبنە مایەی ناسەقامگیری، بێگومان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، هەربۆیە هەڵبژاردن (و دووبارە هـەڵـبـژاردنـەوەی سەرۆکێکی مـیـانـڕەو)، هیچ لە ئاستی هەڕەشەکان کەمناکاتەوە.

بەڵام وێڕای هەموو ئەوانە هێشتا هەڵبژاردنەکان گرنگیی خۆیان هەیە. ئێران کارەکتەرێکی هەرێمیی گرنگە، هەربۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆرێکی دیکە لە وڵاتان هەوڵی پاراستنی پەیوەندییەکانیان دەدەن لەگەڵ ئەم وڵاتەدا. بەگشتی کابینەی حکومەتی هەڵبژێردراو نوێنەرایەتیی ئێران دەکات لە گفتوگۆ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، کە بێگومان سەرۆکیش ڕووخساری ئەم حکومەتەیە. بێگومان گفتوگۆکانی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ساڵی 2015، گرنگیی سـەرۆک کۆماری دەرخست لە ئاراستەکردنی ڕەوتـی پرسە نێودەوڵەتییە هەستیارەکان. بەڵێ ئەوەش ڕاستە و گومانی تێدا نییە کە گفتوگۆکان هەر لە بنەڕەتەوە دەستیان پێنەدەکرد، چجای بگات بەوەی ڕێککەوتن بێتەئارا و ئیمزابکرێت، ئەگەر ڕازیبوونی ڕابەری باڵای لەسەر نەبووایە.

**وێـڕای ئـەم کۆتوبەندانە، هـێـشـتـا ڕۆڵـــی ســـەرۆک لە پەیوەندییە دەرەکییەکان و چالاکییە ئابوورییەکانی ئێراندا گرنگە. هەربۆیە هەڵبژاردنی کەسێتییەکی میانڕەو بۆ ئەو پۆستە، لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی.**

بەڵام تیمەکەی حەسەن ڕۆحانی لە پرسەکەدا دەستپاکی و نیەتپاکیی خۆیان سەلماند، هەروەک چۆن ڕۆڵێکی هەرە گرنگیان گێڕاوە لە ئاسانکاریی گفتوگۆکانی پێش ڕێککەوتنەکە. بێگومان دەکرا ئەگەر کەسێکی دیکە سەرۆک بووایە گەرموگوڕییەکی کەمتری هەبووایە بۆ گەیشتنە ڕێککەوتنی ئێران لەگەڵ خۆرئاوا، هەروەها دوور نەبوو پرسێک بێتە پێشەوە و هاوکێشەی ڕێککەوتنەکە بگۆڕێت یاخود دوایبخات.

هەروەها هەڵبژاردنەکان لەڕووی ئابووریشەوە گرنگیی خۆیان هەیە، کە بێگومان ئابووریش ڕەگەزی سەرەکیی سەقامگیریی ئێرانە، لەم کایەیەدا سەرۆک و حکومەتەکەی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە سیاسەتە نەختینەییەکانی وڵاتـدا، تارادەیەکیش لە سیاسەتە ئابوورییەکەدا. بۆ نموونە حکومەتەکەی ڕۆحانی بووە میراتگری ئابوورییەک، کە لەسەر ڕێگەدا بوو بەرەو هەڵاوسانێکی لەرادەبەدەر.

لەم بوارەشدا دامەزراوەکانی شۆڕش کۆمەڵە کۆتوبەندێکی گەورەیان بەسەر دەسەڵاتی سەرۆکدا سەپاندووە. چالاکیيە ئابوورییەکانی ئێران بە نزیکەیی لەلایەن 12 دەستەی زەبەلاحەوە بەڕێوەدەبرێت، کە یان دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی «نووسینگەی رابەری باڵا»وە، یاخود ژێر کۆنترۆڵی «سوپای پاسدارانەوە». بە شێوەیەکی بەشەکیی ئەم «کەرتە گشتییە ناحکومییە» لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی موڵکی تایبەتی سیستەمی کۆنەوە دامەزراوە، کە لە میانەی دادگاکانی شۆڕشەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، یان بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ئەم دەستە ئابوورییانە، گۆڕینێکی گشتگیری موڵک و ماڵە حکومییەکانە بۆ دەستەی زەبەلاح لەژێر پەردەی بەتایبەتیکردندا (privatization).

بنەچەی ئەم دەستانە بانکە گەورەکان و دامەزراوە داراییە گەورەکانی دیکەیە، ئەمە جگە لە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی نەوت و گاز، کۆمپانیاکانی پیشەسازیی سەیارە، کۆمپانیاکانی بونیادنان و دەستەکانی گواستنەوە. هەر هەمان ئەو دەستانە لە تەواوی باجەکانی وڵات سوودمەند دەبن. لە هەمان کاتیشدا، پرسی بەڕێوەبردنی ئەو موڵکانەی کە هێشتا بەتایبەتینەکراون، بۆ حکومەتی داهاتوو جێدەهێڵدرێن، کە زۆرینەیان بریتیین لە پرۆژە شکستخواردووەکان و ئەو پرۆژانەی زیانیان زۆرترە لە قازانج، یاخود پیشەسازییە کۆنەکان. بە گشتی تیمەکەی سەرۆک سەرپەرشتیی داهاتی فرۆشراوە نەوتییەکانیش دەکەن. بەڵام «کەرتی گشتیی ناحکومیی»، ڕێککەوتنی نەوتی تایبەت بەخۆی ئیمزا دەکات.

وێڕای ئەم کۆتوبەندانە، هێشتا ڕۆڵی سەرۆک لە پەیوەندییە دەرەکییەکان و چالاکییە ئابوورییەکانی ئێراندا گرنگە. هەربۆیە هەڵبژاردنی کەسێتییەکی میانڕەو بۆ ئەو پۆستە، لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی.

## دیوێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێران

زۆرجار دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران (ئایەتوڵڵا خومەینی) ڕوویدەکردە جەماوەر و دەیگوت شۆڕش تەنها نەبەستراوەتەوە بە ئێرانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە سەرجەم ناوچەکەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، سوپای «قودس» دامەزرێندرا، کە سەر بە سوپای پاسدارانە، هەتاوەکو ببێتە پێگەی سەرەکیی میلیتاریزمی شیعە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئێستا ئەم هێزە لەو میلیشیایانە پێکهاتووە کە ئێران بەڕێوەیاندەبات، واتە «سوپای شۆڕشی تایبەت بە هەڵمەتە سەربازییەکانی دەرەوەی ئێران» ، لەمڕۆدا ئەم هێزە لەناو تەواوی شەڕەکانی ئەم ناوچەیەدا بوونی هەیە. ئەم هێزانە تەنها لەبەردەم ڕابەری باڵادا بەرپرسن و لێپرسینەوەیان لێدەکرێت. لە میانەی سەلماندنی بوونی خۆیەوە لە زۆرێک لە وڵاتاندا، پەرەیسەندووە و بۆتە کیانێک کە دەتوانێت هێندەی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆڕاگر بێت.

بەو پێیەی قودس، بۆتە بەرجەستەکەری خواستە دەرەکییەکانی ڕابەری باڵای ئێران، سوپای پاسداران، کە سوپایەکی بەرفراوانترە، ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی پێسپێردراوە لە بەرامبەر دوژمنانیدا، هەم دوژمنە دەرەکییەکان، هەم دوژمنە ناوخۆییەکان، جا ئەو دوژمنانە ڕاستەقینە بن یاخود دروستکراو. لەو دەمەی سوپای قودس کۆمەڵە فەیلەقێکی خۆی لە دەرەوەی وڵات دروستدەکات، سوپای پاسداران هەستاوە بە پەرەپێدانی گەورەترین موشەکی بالیستی لە ناوچەکەدا. هەردووکیشیان پێکەوە، «سوپای هەڵمەتە سەربازییەکانی دەرەوەی ئێران» و ئەو هێزە موشەکییانەی بەرگریی لە شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی شیعە دەکەن و ئایدیاکانی بڵاودەکەنەوە، بوونەتە جێگەی مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر هەر تاکێکی دامەزراوە سەربازییەکانی ئەمریکا و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتە و هاوپەیمانەکانی.

## ڕاگرتنی باڵانسی نێوان دیبلۆماسی و ڕووبەڕووبوونەوە

دروستکردنی پەیوەندیی کارکردن لەگەڵ حکومەتە هەڵبژێردراوەکانی ئێراندا، لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە، هەتاوەکو هیچ هەڵەتێگەیشتنێک ڕوونەدات سەبارەت بەو لایەنە چالاکانەی کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەو پرسانەیان بەدەستەوەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکا. پێشتر واشنتۆن توانای خۆی دەرخستووە کە لەگەڵ ئێراندا بگاتە ڕێککەوتن سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمیی لە ڕێگەی گفتوگۆوە. ئەگەرچی وەها دەردەکەوێت کە ئەم ڕێککەوتنە لەسەر حسابی کەمکردنەوەی کۆتە سەپێندراوەکانی سەر پرۆگرامی موشەکەیی سوپای پاسداران بێت لەگەڵ کۆمەڵە سازشێکی دیکەدا، بەلام توانی ڕەوتی کارکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە خاوتر بکاتەوە، لانی کەم لە ئێستادا.

لە هەمان کاتدا دامــەزراوە شۆڕشگێڕییەکانی ئێران (ئەو دامــەزراوانــەی بەرهەمی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانن) کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەستنیشاننەکراون، سەرچاوەی کێشەن بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بەتایبەت لە میانەی لەشکرە میلیشیاییە بیانییەکان و جبەخانەیەکی گەورە لە موشەکی بالیستی. لە ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی 2016دا، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی ئێران (لیوا محەمەد عەلی جەعفەری) بە «ئاژانی هەواڵی فارس»ی ڕاگەیاند «سوپای قودس نزیکەی 200 هەزار شەڕکەری شیعەی چەکدار کردووە و بە شێوەیەکی باش ڕاهێنانی پێکردوون و لەسەرجەم پنتەکانی ناوچەکەدا بلاویکردوونەتەوە». وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا کە سەرکردایەریی موشەکە ئێرانییەکان، گەورەترین سەرکردایەتیی سەربازییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە ڕێبازی و ئاڕاستەی ئەمریکا بەرامبەر حکومەتی داهاتووی ئێران، ئاڵۆز و ئاوێتە بێت، هاوشێوەی سیستەمە ئاڵۆز و ئاوێتەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەمەش واتە پارێزگاریکردن لە پەیوەندییەکانی کارکردن لەگەڵ سەرۆکی ئێران و تیمەکەی، بەلام بەبێ فەرامۆشکردنی لایەنێکی دیکەی سیاسەتی ئێران، کە ئەویش بە شێوەیەکی تایبەت بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابەری باڵا و سوپای پاسدارانی ئێران، لەکاتێکدا ئەم لایەنە لە هەوڵی بەرفراوانکردنی چەکدارە شیعەکانە لە ناوچەکەدا. ئەمە جیاواز نییە لە ڕەوتی پێشووی کارکردنی واشنتۆن بەرامبەر یەکێتیی سۆڤیەت. لەو دەمەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندیی کارکردنی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبوو و کونسوڵخانەیەکی گەورەی لە مۆسکۆ هێشتبووەوە، بەلام لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی ڕابەرانەی گێڕا لە خەبات دژ بە بزاڤی کۆمۆنیزم لە جیهاندا. لەمڕۆشدا، هەموو پەیوەندییەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆکە تازەکەی ئێراندا، نابێت بەبێ ڕابەرایەتی شەڕی دژ بە توندڕەویی شیعە بێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

سیستەمی سیاسی لە ئێران گەلێک ئاڵۆزە، بەلام ئەوەی خودی سـەرۆک دەتوانێت ئەنجامیبدات، دەبێت جیاوازیی بکەین لەنێوان «بـڕیـاردەری سیاسی» و «بـەڕێـوەبـەری سیاسی». سەرکردەی شـۆڕش، واتـە ڕابـەری ڕۆحیی دەسەڵاتی دوایین بڕیاری دەوڵەتی بەدەستەوەیە و لە دەستی خۆی و کۆمەڵێک ڕاوێژکاردا بلاوبۆتەوە. هەروەک چۆن ژمارەیەکی دیکەی کۆمیتە لە ئێران بوونیان هەیە کە کاروباری سیاسیی وڵات بەڕێوەدەبەن. ئەم کۆمیتانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە هەڵبژاردنەکانەوە دروستدەکرێن - وەک پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەزایان و ئەنجومەنەکانی شارەوانیی شارەکان. هەروەک چۆن کۆمەڵە لیژنەیەکی دیکە هەیە پێکهاتوون لە دەستەبژێرێکی سیستەم، وەک ئەنجومەنی چاودێری و ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی باڵا. لەبەرئەوەی سەرۆکی دەوڵەت پەیوەستە بەم لیژنانەوە، کاروباری حکومیی بەرکاریگەرییەکانی کەسێتیی سەرۆک کۆمار دەکەون لەم دامەزراوانەدا. سەرکردەی شۆڕش هێڵە سەرەکییەکانی پرسە گرنگەکان دیاریدەکات. بەلام سیاسەت بە چی شێوەیەکی پراکتیزە دەکرێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، ئەمەیان دەکەوێتە ژێر دەستی حکومەتەوە. نموونەیەکی زانراویش لەو بارەیەوە بریتییە لە ڕێککەوتننامەی چەکی ئەتۆمی. ئایەتوڵڵا خامەنەیی بە سێوەیەکی گشتی مەرجەکانی ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنەی خستۆتەڕوو. بەلام سازش و وەرگرتنی بڕیارە سەرەکیی و هەستیارەکان، لە دەستی حکومەتدا دەمێننەوە، لە پێش هەموویانەوە لە دەستی سەرۆکدا.

### سەرچاوە:

پەیمانگای واشنتۆن
http://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/irans-presidential-election-balancing-diplomacy-and-confrontation